# خاتوون

**غەریب پشدەری**



ئەوا ئەمشەو شەوی یەڵدایە خاتوون
شەوی پاڕانەوە لە خوایە خاتوون
بۆ ئەوەی دەستی لە قاپی خوا بڵندکا
گەداش بێ، دەوڵەمەندە، شایە خاتوون

***

دەڵێن مەجنوون کە شێتی دەشت و کۆیە
لەبەر چاوی ڕەشی لەیلایە خاتوون
منیش هێندەی ئەوم حەسرەت لە دڵدا
بەوەی نییە ناڵە ناڵم نایە خاتوون

***

بە دەستی کێت سپاردووم خۆشەویستم
لەلای کەس وا سەبووریم نایە خاتوون
ئەدی بۆچی ئەوەندە دوورەپەرێزی
هەواڵێکت بەلامدا نایە خاتوون

***

سیا ماڵت لە کوێ هەڵداوە ئێستا
کە تاوڵی من شڕی دەم بایە خاتوون
دەڵێی کوێستانی ساردی خۆشەویستیت
بەبێ من وەک شەرای سارایە (١) خاتوون

***

ئەوا پاییزی چاوی من پەڵەی دا
خەزانێکی چ پڕ غەوغایە خاتوون
نەوی نابێ بە تۆف و با سریشکان
سەری سەودام.. سەری سارایە (٢) خاتوون

***

دەڵێی من بێکەسم، خۆ من غەریبی
بە باڵامدا وەکوو کاڵایە خاتوون
دەزانم پیری ئێستا دەستی گرتووم
کە سۆزێکت بەلامدا نایە خاتوون

***

بە جوانی کەوتووی مەنازە، ڕۆژێ دادێ
لەپێ کەوتووی، ئەوە دنیایە خاتوون
سەری تۆم بۆ سەلامەت بێ، ئەمن هیچ
کە چارەی دەردی من قەت نایە خاتوون

***

**(١) شەرای سارا: وڕەی گەرمی هەوای بیابان.**
**(٢) سەری سارا: لووتکەی چیای سارا کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی بەنداوی دووکان.**

**٢٠٢١/١٠/١٠**
**هەولێر**